نووسینی د . زاهیر سوران
050601 ستۆکهۆڵم

# سییه سۆی لیگیۆنیلا

**سییه سۆیەکی باکترییاییە بە هۆی باکتریای لیگیۆنێلاوە . باکتریاکە سەر بە گرووپی گرامنێگەتیفەکانە ، هەوایییە (بە هۆی هەواوە دەگوێزرێتەوە) ، شێوەیەکی چیلکەیی هەیە . تا ئەمڕۆ 40 جۆری هەیە و نزیکەی 57 جۆری سیرەمی لێ ناسراوەتەوە . گرنگترینیان کە مرۆ تووشی سییەسۆ دەکات بریتییە لە باکتریای** Legioella Pneumophila **( واتە ئەوەی سییەکانی خۆش دەوێت) .**

**ئەوەی شایانی باسە یەکەمجار لە ساڵی 1977 دا لە سەر باکتریاکە نووسراوە . هەرچەندە باکتریاکە لە سروشتدا هەیە و لە نێو خۆڵ و ئاودا دەژی بەڵام بە هۆی ئاوەوە بڵاودەبێتەوە .**

**– تەمومژی گەرماوکە بە باکتریاکە پیس بووبێت هۆی سەرەکی تووش بوونە . بەڵام گەر مرۆ ئاوی پیسبوو بخواتەوە ئەوا مەترسی نییە ، مەترسییەکە لە هەڵمژینی هەوای پیسبوو بە بەکتریاکەدایە .**

**– باکتریاکە لە سەرخۆ دەمرێت .**

**– لە پلەی 40 دا باش دەژێت و زێددەکات .**

**– لە پلەی 50 دا چەند کاژێرێك دەژی .**

**– لە پلەی 60 دا نزیکەی 10 خولەك دەژی .**

**– لە پلەی 70 دا یەك خولەك دەژی .**

**گەر مرۆ چەند رۆژێك (لە هاویندا) ماڵەکەی بە جێبهێڵێت و بەلوعەکانی ئاوی ماڵەکە بگیرێتەوە و پاشتر کاتێك دەگەڕێتەوە بەلوعەکان دەکاتەوە (باکتریاکە لە دەمی بەلوعەکاندا زێدیان کردووە) لە گەڵ یەکەم دڵۆپدا باکتریاکە دەچێتە نێو هەواوە و لە گەڵ هەناسەوەرگرتندا مرۆ باکتریاکە هەڵدەمژێت پاشتر دەگاتە سییەکان سۆی پێ دەکەن .**

## مردن

**هەرچەندە تا ئەمرۆش بە باشی چارەسەری سییەسۆکە دەکرێت و ئەنتیبایۆتیك باکتریاکە دەکوژێت بەڵام رێژەی مردن دەگاتە لە 10–15٪ .**

## تووشبون

**بە گشی ماوەی کرکەوتنی باکتریاکە لە نێوان 5–6 رۆژدایە و هەندێك جار دەگاتە 2–10 رۆژ . مرۆ لە رێگای هەناسەوەرگرتنەوە لە هاڵاوی ئاوی ماوە (قەتیسماو)ی نێو دەمی بەلوعەی ماڵەکانەوە دەگاتە سییەکان . ئەو کەسەی تووشی ئەم سییەسۆیە دەبێت راستەوخۆ یەکێکی دی تووش ناکات و تا ئەمڕۆ هەڵگری تووڵانی سییەسۆکە تۆمارنەکراوە . گەر مرۆ لە رێگای ئاوەوە تووشی باکتریاکە ببێت ئەوا مەترسییەکەی ئەوەندە نییە وەك لە رێگا هەوایییەکەی .**

## نیشانەکان

سەرەتا نەخۆش تایەکی بەرزی بەهێزی لێدێت ، ژانەسەر و ژانە ماسولکەشی لە گەڵایە . زۆرجارنەخۆش تووشی سکچوون دەبێت . هەندێك جار نیشانەکانی سییە سۆکە زۆر توندن بە تایبەتی کاتێك تووشی مرۆیەك دەبێت کە بەرگری لەشی زۆر نزمە .

## دەستنیشانکردن

– ناسینەوەی باکتریاکە لە نێو شلەی نێو بۆرییەکانی هەوادا یان دۆزینەوەی ئەنتیجێنی باکتریاکە لە میزی نەخۆشدا .

– لە رێگای تێستی PCR و ئیمونۆفلۆرێسچێنت ەوە دژەتەنی دژی باکتریاکە دەناسرێتەوە .

## چارەسەرکردن

هەرچەندە تا ئەمرۆ هیچ کوتانێك دژی ئەم سییە سۆ باکتریاییە نییە بەڵام ئەنتیبایۆتیکی کاریگەر هەیە و باکتریاکە لە نێو دەبات گرنگترینیان بریتین لە سێفالۆسپۆرینەکان ، پەنسیلین ، تێتراسایکلین و ئێریترۆمایسین . نابێت ئەو راستییەشمان لە یاد بچێت کە هەرچەندە ئەنتیبایۆتیك باکتریاکە دەکوژێت وەلیٚ لەوانەیە سییە سۆکە مرۆ بکوژێت .

## خۆپاراستن

پێویستە پاش گەرانەوە بۆ ماڵەوە راستەوخۆ ئاوی نێوبەلوعە بەکارنەیەت بەڵکو دەبێت کەمێك ئاوی لەبەر بڕوات پاشتر بەکاربهێنرێت و لە کاتی کردنەوەی بەلوعەکەدا سەریش بەسەر بەلوعەدا شۆر نەکرێتەوە تا ئەو هەوایەی یەکەم جار لە دەمەکەوە دێتە دەرەوە هەڵنەمژرێت ، پێویستە پێش کردنەوەی بەلوعەکان دەمەکانیان بە پاکژکەر پاك دەکاتەوە .

## سەرنج

جۆرێکی دی نەخۆشییەکە هەیە و بە (تای پۆنتیاك) ناسراوە ، نیشانەکانی وەك ئینفلۆنزا وایە .

## سەرچاوە


1.www.smi.se © 050520.09.35.
2.www.who.int. © 050510. 09.09.
3.www.cdc.gov © 050412. 12.33.
4.www.boverket.se © 050405.14.45.